سێ غەزەلی بڵاونەکراوەی نالی و سالم

دوکتۆر مارف خەزنەدار

- ١ -

بۆ یەکەمین جار دە غەزەلی نالی لەساڵی **١٩١٣** بڵاو کراوەتەوە ، نۆ غەزەلی لە بەحری (ه)یە ، وە غەزەلێکی لە بەحری (ی)یە[١] •

دیوانی نالی ، لە ساڵی **١٩٣١** لە بەغدا بۆ جاری یەکەم « کوردی‌و مەریوانی » بڵاویان کردۆتەوە • لەم چاپەدا ڕەچاوی ڕاست نووسین‌و ئیملا نەکراوە ، هەڵەی‌چاپێ زۆری‌تێ کەوتووە ، بەڵام ئەوەندە هەیە دەستکاری نەکراوە ، دیارە لەسەر بنچینەی دەسنووسێك چاپ کراوە •

بۆ جاری دووەم دیوانی نالی لە ساڵی **١٣٢٧**ی هیجری شەمسی لە سنە لە لایەن عەلی‌ی موقبیلی سەنەندوجی‌یەوە چاپ کراوە ، بڵاوکەرەوە سوودی لە چاپی بەغدا وەرگرتووە ، مانای هەندێ ووشەی قورسی بە زمانی فارسی لێك داوەتەوەو غەزەلی تازەشی بڵاو کردۆتەوە • هەر

---

(١) گۆڤاری « ڕۆژی کورد » ، ژمارە (١) ، ئەستەموول ، حوزەیرانی ١٩١٣ ، ل ٢٩ـ٣١ •

چەندە شێوەی نووسینی ئەم چاپە فارسی ئامێزە ، بەڵام هەڵەی چاپی زۆر کەمەو دەستکاریشی تیا نەکراوە •

گیوی موکریانی لە ساڵی ١٩٦٢ لە هەولێر دیوانی نالی بۆ جاری سێیەم [٢] چاپ کردەوە ، بڵاوکەرەوە سوودی لە چاپی بەغداو سنە وەرگرتووە •

هەر ئەو چاپەی هەولێریش دوو بارە بە ئۆفسێت لە مەهاباد چاپ کراوەتەوە •

لەم دواییەدا دوو پارچە « بەیاز »م چنگ کەوت[٣] ، لە لاپەڕەیێکی یەکەمیان دوو غەزەلی ناتەواوی نالی نووسراوەتەوە ، لەگەڵ « فەرد »ێکی فارسیو چوار دێڕ غەزەل بە زمانی تورکی • لە لاپەڕەیێکی پارچەی دووەمیش‌دا غەزەلی «عاشقی بێ دڵ دەناڵێ•••» نووسراوەتەوە ، ئەمەیان لە دیوانی نالی‌دا بڵاو کراوەتەوە •

هەر دوو غەزەلە بڵاونەکراو و نەزانراوەکەی نالی ناتەواون ، یەکەمیان پێنج دێڕە ، دووەمیان چوار دێڕە [٤] •

---

(٢) بڵاوکەرەوە ئەم چاپەی بە « چاپی یەکەمین » داناوە ، لە کاتێکدا کە ئەبوو بە چاپی سێیەمینی دابنێ ، چونکە خۆی لە پێشەکییەکەی‌دا ئەڵێ ، جارێك لە بەغداو دووەم لە سنە چاپ کراوە •

(٣) لاوی ئەدەب دۆست کاك ڕەفیق سابیر ئەم دوو بەیازەی دامێ ، زۆر سوپاسی دەکەم •

(٤) ڕاستتر ئەوەیە ، تەنیا غەزەلی یەکەم بە شیعری نالی دابنێین ، چونکە شێوەی لە شیعری نالی دەکا ؛ بەڵام غەزەلی دووەم دەبێ هی نالی نەبێ ، چونکە لاوازەو شێوەشی لە غەزەلەکانی نالی ناکا • وا لەم شیرازەیەدا ئەو غەزەلەش بڵاو دەکەینەوە بەڵکو کەڵکی هەبێ بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی :

عەزیزم ؛ عاجزم دڵ پڕ برینم
لە خەودا سوور بووە چاوی گرینم

غەزەلەکەی نالی

حەبیبی من سلێمانیی بە دەستە
نەوەك میهری سلێمانی بە دەستە
سوواری سەف شکێن ، سەرهەنگی لەشکر
نیزامی عەزمی مەیدانی بە دەستە
وەکو گوڵ باعیسی نەشئەی بەهارە
ئەویش بۆ ئێمە گریانی بە دەستە
پیاڵەی چاوی مەستی پڕ شەرابە
سروری بەزمی ڕەندانی بە دەستە
پەرێشان پەرچەمی ڕووی هەژدەهایی
خەزێنەی لەعلو مەرجانی بە دەستە

– ٢ –

ئەوەی ئێمە ئاگاداریمان بە سەرا هەیە ئەوەیە کە دیوانی سالم لە ساڵی **١٩٣٣** لە بەغدا لە لایەن « کوردیو مەریوانی »یـــەوە بـــڵاو کراوەتەوە . هەر چەندە ئەم دیوانە گەورەترینی ئەو دیوانانەن کـــە بە چاپیان گەیاندوونو (١٠٦) لاپەڕەیە ، بەڵام دیســـانەوە هەمـــوو غەزەلو قەسیدەکانی شاعیری نەگرتۆتە خۆ . ڕاســـتە شـیعری بـــڵاو نەکراوەی نالی بە دەگمەن چنگ ئەکەوێ ، بەڵام شیعری بڵاو نەکراوەی

☛ عەزیزم ! شەو لە خەونمدا لە لات بووم (!)
غوباری گەردەلوولی خاکی پات بووم
عەزیزم ! دەردی غوربەت زۆر بە ئێشە
ئەمانەت بێ غەریبی قەت مەکێشە
عەزیزم ! من هەناسێکی هەڵێنم (!)
دەترسم خوا نەخواستە بتسووتێنم

سالم زۆره ، نووسەرەکانمان ئەتوانن بیاندۆزنەوە ئەگەر بە دوایانـــا بگەڕێـــن •

لەم دواییەدا لاوی ووشیارو ئەدەب دۆست کـــاك ئەحمـــەد حوسێن ئەحمەد دیوانێکی چاپکراوی « سالم »ی بۆ ناردم • وا دیـارە هی پیرەمێردی شاعیر بووە • لە شیرازەی دیوانەکەدا هەمـــوو ئـــەو غەزەلانەی بە خەتە خۆشەکەی نووسیوەتەوە کە لە چاپەکەدا نین بـە پێی بەحری قافیەکان ، ژمارەی ئەم غەزەلانە نزیکەی (٣٠) غەزەلێـك ئەبێ • لەدوا ڕۆژدا هەوڵی بڵاوکردنەوەیان دەدەین •

لەم ماوەیەدا دوو غەزەلی بڵاو نەکراوەو نەزانراوی سالم دەخەینە ڕوو ، غەزەلی یەکەمیان لەوانەیە بە هۆی بە دیل گیرانی ئەحمەد پاشای بابان لە لایەن عوسمانییەکانەوەو برانی بۆ ئەستەموول ووترابێ (٥) •

غەزەلی یەکەم

نەما ڕەنگم بەبێ دیداری ئەحمەد
چ دڵ تەنگم بەبێ ڕوخساری ئەحمەد
سەری پر شۆرشم سەودایی هیجران
دوو چاوم تا سەحەر بێداری ئەحمەد
ئەبارێ ئەشکی خوێن گول گول لە چاوم
وەکو لەعلی لەبی گوڵناری ئەحمەد
بینایيم تارو ئەشکم سوورو ڕەنگ زەرد
دەروون پر نارو لەب پر باری ئەحمەد
لە دەور قوتبی خەیاڵم وەك جەدیوار (؟)
لە مەغریب تا بەیان دەوواری ئەحمەد

---

(٥) ئەم دوو غەزەلە لە دەسنووسی مامۆستا نەجمەدین مەلا کـە لە ساڵی ١٩٤٥ نووسیویەتییەوە ، وەرگیراون ، وە لە دەسنووسەکەی پیرەمێرد نەنووسراونەتەوە •

زەمانە مەرکەزو ئەو نوقتەکەی ناو
دڵم دەوری نوقتە پرگاری ئەحمەد (؟)
درەختی کون فەکان ئەووەڵ کە نێژرا
جیهان هات شاخی بەر گووباری ئەحمەد (؟)
لە ژێر باری خەفەت « سالم » سەبوور بە
ئەنێرێ ئەحمەدت موختاری ئەحمەد

غەزەلی دووەم

بۆ منی سەرگەشتە ئەلحەق پر فەنا بوو ئاسمان
دەرحەقم ئەمجارە یەکسەر بێ وەفا بوو ئاسمان
تێکیدا بنیادی وەسڵو شیشەیی بەزمی شکاند
بۆ خرابەی موڵکی دڵ پر موددەعا بوو ئاسمان
ئەلغەرەز هات ڕۆشنایی دڵ لە بەر شەمعی مراد
دەرحەقی بەختم نەسیمی سوبحگا بوو ئاسمان
چاك چاكو لەت لەتی سینەم لە ئەندۆهی فیراق
بۆ دڵی خوێنینی من تیری قەزا بوو ئاسمان
چونکە زانی دڵ موحەسسەن بوو لە ناو جەیشی فیراق
وەك عەلەمدار لەشکری میحنەت بە پا بوو ئاسمان
تێکیدا غورفەی مرادم بوومەلەرزەی ئینقیلاب
بۆ بناغەی موڵکی عەشقم بەد بینا بوو ئاسمان
وەك هەماوەردانی مەیدان چاو و ڕووی هەروا لە من
بۆ کەمینی گەردوشی ڕوو بەر قەفا بوو ئاسمان
موڵکی بابان پر لە غەوغا خاکی کوردستان لە غەم
مایەیی فیتنەو فەسادو ماجەرا بوو ئاسمان
حەققی سوحبەت بۆچ بە چاو نادێری (سالم) بەسیەتی
یا لە وەسلا چەندە ڕۆژێ ئاشنا بوو ئاسمان •